# هەڵەبجەی شەهید

## ڕەمزی پێشاندانی دڕندەیی داگیرکەرانی کوردستان و، قوربانیی دەستی سیاسەتی چەواشەی خۆیی!

نووسینی: سیروان کاوسی

شانزەی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٩٨٨، شاری هەڵەبجە بوو بە ڕەمزی سەردەم بۆ پیشاندانی دڕندەیی دیکتاتۆرێکی خوێنڕێژ کە نێوی"سەددام حسێن"ە. دەشتی شارەزوور و شاری هەڵەبجە بوونە سەرقافڵەی شەهیدانی دەرسیم و ئامەد و کەرکووک و سنە و سلێمانی و بارزان و مەهاباد و پاوە و قامیشلوو و، سەرتاسەری ئەم کوردستانە کۆسپ و قەڵاچۆ و کارەسات لێکەوتووە.

ڕۆژی شانزەی مانگی ڕەشەمە فڕۆکەکانی سوپای داگیرکەری عێراق لە چەندین هێرشی بەربڵاودا، بەجۆرەها چەکی کۆمەڵکوژ، شاری هەڵەبجە و گوندەکانی دەوروبەریان بەخەستی و چڕی بۆمباباران کرد و، لە ئاکامدا دەمودەست، بە هەزاران ژن و منداڵ و پیاو و پیرو پەککەوتە، بە ئاگری بۆمبا و دووکەڵی گازی کیمیایی خنکێندران و هەزاران بریندار و ژەهردەرخواردداوی دیکەش، لەکات و ولاتی جیاوازدا مردن، یان بۆ هەمیشە بە نەخۆشی و پەککەوتوویی‌یەوە مانەوە.

ڕژێمی سەددام پاش هێرشەکەی بۆ سەر هەڵەبجە، هەوڵێکی زۆریدا تا شوێنەواری کۆمەڵکوژییەکەی لە ڕوخساری شار و خەڵکەکەی بسڕێتەوە و، تاوانەکەی بشارێتەوە، زۆربەی ئەو بریندارانەی کە بۆ تیمارکردن بۆ نەخۆشخانەکان بەڕێکران، کۆیان کردنەوە و لە نێویان بردن. گەورەیی و سامناکی کارەساتەکە بە ڕادەیەک بوو کە تەنانەت ولاتانی ڕۆژاوا کە ئەوکاتە بەرژەوەندییان لە گەڵ ڕژێمی عێراق بە هێڵێکدا دەڕۆیی، نەیانتوانی پێش بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی لەنێوبردنی شاری هەڵەبجە لە نێوخۆی وڵاتەکانیاندا بگرن..

شاری هەڵەبجە لە هەموو دەور و سەردەمێکدا، مەڵبەندی تێکۆشینی خەباتکاران و نیشتمانپەروەرانی گەلەکەمان بووە، هەر بۆیە، دەوڵەتانی یەک لەدوایەکی عێراق، چەند بۆیان لوابێ، دەستی خۆیان لەم شارە وەشاندووە و هەوڵی وێرانکردنیان داوە.

یەکەمجار، شاری هەڵەبجە لە کۆتایی جەنگی دنیاگری یەکەم و، لەسەردەمی حکومەتی پاشایەتیی شێخ مەحموود ،لەلایەن سوپا و فڕۆکە جەنگییەکانی ئینگلیزەوە بۆمباباران کرا و، بەشێکی زۆر لە خانووبەرەی شار وێران و کاول کران.

جاری دووەم، لە ساڵانی١٩٦٣ - ١٩٦٥ ،لەسەردەمی سەرکۆمارێتیی ە عەبدولسەلام عارف دا تووشی کارەسات و وێرانی هات. دوژمنایەتی عەبدولسەلام عارف لە گەڵ کورد بەڕادەیەک بوو کە بۆ لەنێوبردنی کورد و شۆڕشەکەی، داوای یارمەتی سوپایی لە میسر و سووریا کرد. سەرۆکایەتیی سوپاکەی ڕژێم لەو کاتەدا بەدەستی "زەعیم سدیق" بوو کە ئەمیش وەک ڕێبەرەکەی (عەبدولسەلام عارف)، بە ڕەگەزپەرستی و دڕندەیی و کوردکوشتن نێوبانگی دەرکردبوو. زەعیم سدیق پاش ئەوەی چەند حەفتەیەک گەمارۆی ئابووری خستەسەر هەڵەبجە و، ڕێیگرت لە چوونی هەر جۆرەخواردن و خواردەمەنییەک بۆخەڵکەکەی، ئەوجا بەهەموو جورە چەکێک هێرشی کردە سەر هەڵەبجە. لەگەڵ نێزیکبوونەوەی سوپای داگیرکەری عێراق بە فەرماندەیەتیی "زەعیم سدیق"، شەڕ و لێکدانی گەرم و خوێناوی لە گەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرپاکرا. ژمارەی پێشمەرگە تەنێ سیی (٣٠) کەس بوون و، چەکەکانیشیان هەمووی چەکی کۆن و سووکەڵە بوون. بەشێک لە پێشمەرگەکان کاریان ئەوە بوو، لەسەر جادە و دەوروبەری جادەکەدا چاڵ هەڵبکەنن و خۆیانی تێدا حەشار بدەن و، لەگەڵ گەیشتنی تانک و زێلەکان بۆ سەر چاڵەکانیان، "ماین" و بۆمباکانی دەستیان، ببەستن بەژێریانەوە، کە ئەوەش کارێکی ئێجگار پڕمەترسیدار بوو، هەروەک پێشمەرگەیەک بەنێوی "عەلی ئەحمەد"، زووتر لە کاتی گونجاو هاتەدەرەوە، کە چاویان کەوت پێی و لەژێر زنجیر و زرێی تانکدا ئەنجن ئەنجنیان کرد. یان پێشمەرگەیەکی قارەمانی دیکە بەنێوی "حەمە هەورامی"، بە نارنجۆک و خەنجەر هەڵیکوتایە سەر تانکێکی